هەرکەسێک سەردانی نەخۆشێک بکات کە هێشتا کاتی سەرەمەرگی نەهاتبێت، ولە لای نەخۆشەکە حەوت جار بڵێت: (أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ)^، ئەوا خوای گەورە شیفای دەدات لەو نەخۆشییە

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سەردانی نەخۆشێک بکات کە هێشتا کاتی سەرەمەرگی نەهاتبێت، ولە لای نەخۆشەکە حەوت جار بڵێت: (أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ)^، ئەوا خوای گەورە شیفای دەدات لەو نەخۆشییە». ^(واتە: داوا لە خودای مەزن دەکەم، پەروەردگاری عەرشی مەزن، شیفات بدات)

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرمسوڵمانێك سەردانی مسوڵمانێکی تر بکات لەکاتی نەخۆش بوونیدا بەمەرجێك کاتی مردنی نەهاتبێت، پاشان نزا بۆ نەخۆشەکە بکات وبڵێت: (أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ : داوا لە خودای مەزن دەکەم)؛ کە مەزنە لە زاتی وسیفەتەکانی وکردەوەکانی، (رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ: پەروەردگاری عەرشی مەزن، شیفات بدات)، وحەوت جار ئەم نزایەی بۆ بکات؛ ئەوا خوای گەورە شیفای بۆ دەنێرێت لەو نەخۆشیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6270